# شەیتان لە کوێ بێت من لەوێم

هەرێم عوسمان

پێمانوایە نووسەران هەموو لە هەوڵی بنیادنانی ماڵی خۆیاندان، ماڵێک لە وشە، لە زمان. ماڵێک لە رێساو یاساو نەخشە، واتە بۆ تێگەیشتن لە ماڵی هەموو نووسەرێک دەبێت لە زمانی ئەو ماڵە تێبگەین. هەر نووسەرێک هەوڵدەدات ماڵەکەی لە ماڵێکی دی نەچێت، ئەمەش مافی خۆیەتی. بۆ ئەوەی خوێنەر لەم ماڵە بگات دەبێت رێوشوێنی خۆی بگرێتە بەر. بتوانێت نەخشەو پلانەکانی ئەو ماڵە بدۆزێتەوە تا بچێتە ناوی، واتە دەبێت کلیلی خۆی هەبێت، دەنا ناتوانێت شارەزایی ماڵەکە بێت‌و لێی تێبگات. کاتێ لە دەرەوە سەیری ماڵەکە دەکەیت نازانیت ماڵەکە چی تێدایە، نازانیت بە چ نەخشەیەک ئەو ماڵە سازکراوە، واتە لێوانلێودەبین لە نەزانین. بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە سڵکەینەوە لە ماڵە کە نزیک ببینەوە!

بۆ ئەوەی بزانین کێ لە ماڵەکەدایە، ژوورو هۆدەکانی چۆن دابەشبوون، کەسێتییەکان کێن لەم ماڵەدا، واتە بۆ ئاشنابوون لەم ماڵە ناکرێت لە دەرەوە پروانینە ماڵەکە، دەبێت بچینە ناو ماڵەکە، بەڵام ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا زۆرن ئەوانە بە ناسناوی رۆشنبیرو خوێنەوارەوە سڵ لە نزیککەوتنەوە لەم ماڵانە دەکەن، لەمەش کارەساتتر ئەوەیە، وا خۆنیشان دەدەن، کە شارەزایی و وردەکاری تەواو لەبارەی ناو ماڵەکەوە دەزانن، لەبەرئەوە بە مافی خۆیان دەزانن بڕیار لەسەر ئەم ماڵە بکەن، بەدناوی بکەن یان بەرزی بکەنەوە! ئەوان دەزانن‌و

نازانن پڕیاردانی نەزانانە تاوانی گەورەیە، دەزانن ئەوە تاوانە بە نەزانی پڕیار بدەیت، بەڵام پڕیاریش دەدەن!

لە لۆژیکی خەڵکی ئاسایی‌و مرۆڤی کورددا زۆرکات پڕواکردن بە ماڵگەلێ هەیە، کە شەیتانی تێدایە، واتە ئەو ماڵەی شەیتان‌و جنۆکەی تێدابێت، ناکرێت لێی نزیک ببنەوە، چونکە ئەوەی تیایدا بژی شێت دەبێت‌و جنۆکە دەستی لێدەوەشێنێت، بە واتایەکی دی هەندێک ماڵ هەن بە جۆرێ تابوون، شێتییە نزیکبوونەوە لێی، شێتر لەوە تیاژیانە لە ناویدا. ئەم ماڵانە چیرۆکی زۆری لەسەر هەیە، زۆرکات خەڵکانێ هەبوون، کە پڕوایان بەم ماڵە شەیتاناویانە نەبووە، لەگەڵ ئەو کەسانەی پڕوایان پێبووە گرەویان کردووە، گەر چوویتە ناوی‌و بە سەلامەتی هاتیتە دەرێ لێی، ئەوە چیت دەوێت دەتدەمێ، لەبەرئەوە کەسانێکیش، کە پڕوایان بەوەش نەبووە، بەڵام کەوتونەتە گومانەوە، چونکە بە پڕوایەکی پتەوەوە ئەو گوتراوە کە ماڵەکە پڕ لە شەیتانە! ئەو ماڵانەی شەیتانیان تێدایە بە بەراورد بە ماڵەکانی دیکە هیچی کەمتر نەبووە، بەڵام کەمی‌و بێ بەهاییەکەی تەنیا لەوەدا بووە، کە شەیتانی تێدایەو ناتوانرێت ژیانی تیا بکرێت، لەبەرئەوە ئەو ماڵانە بەردەوام بوونەتە پاشکۆو قوربانی، هەمیشە بە چاوێکی کەم تەماشا کراون.

لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا هەندێک نووسەر هەن، ماڵیان پڕ لە شەیتانەو کەم خوێنەر هەیە، ئازایی بنوێنێت لە دەرگایی ئەو ماڵانە نزیک بێتەوە.

زۆرکات گوێمان لێدەبێت فڵان نووسەر کەس لێی تێناگات تەنانەت خۆشی لە خۆی تێناگات! یان ئەوە کەی نووسەرە زمانێکی هەیە بەس خۆی لێی تێدەگات!

ئەمجۆرە وتنانە رۆژانە دەوترێنەوە سەبارەت بە هەندێک نووسەر، بەڵام ئایا ئەم مامەڵەکردنە مامەڵەکردنێکی نادروست نییە، مامەڵە کردنێک نییە، وەک بە ناوی رۆشنبیرەوە دیاردەی نارۆشنبیری بڵاو دەکەنەوە؟ ئەم کەسانەی بەم جۆرە دەدوێن، بێ ئەوەی لە ماڵی ئەو نووسەرانە نزیک بوبێتنەوە، دەڵێن ماڵەکەی پوچە، هیچ نییە، هەر بە کەڵک نایەت، بەڵام ئەم کەسانە کە بانگەشەی یاخیبوون‌و سڵنەکردنەوە دەکەن، سڵ دەکەنەوە لەوەی رۆژێ بێ ترس بێ پێشەمەرج لەم ماڵانە نزیک ببینەوە، بە دۆستانە دەرگای ماڵەکە بکەنەوە. ئەم بەناو خوێنەوارانە بە ناوی رۆشنبیرییەوە نارۆشنبیری بەرهەم دێنن، ئەم بە ناوی پێشەنگی بەرهەمهێنانی مەعریفەوە مەعریفە کوێردەکەنەوە، ئەوان بە ناوی رۆشنبیرەوە خۆیان لە خەڵکە رەشۆکەکە دووردەخەنەوەو ئەوان بە نەزان دادەنێن، بەڵام خۆیان نەزانی پەخش دەکەن.

خوێنەر دەبێت بێ پێشمەرج دەرگای ماڵەکە بکاتەوەو بزانێت ئەم ماڵە چۆن سازبووە، چی تیا سازکراوە، نەخشەکەی چۆنە، بەڵام کاتێک لە دوورەوەو بە ترسەوە پەنجەی بۆ درێژ بکەیت، کە ئەم ماڵە بێ بەهایە ئەوە هیچ نییە جگە لە بڵاکردنەوەی نەزانی‌و پاشان بڵاوکردنەوەی گومانێک بۆ خوێنەرانی دیکە. ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین زۆرن ئەوانەی هیچ نووسین‌و دەقێکی ئەو نووسەرانەیان نەخوێندۆتەوەو بانگەشەی گرانی‌و تێنەگەیشتن لەو نووسەرانە دەکەن، لەبەرئەوەی ئەمە وەک هەڵەیەکی باو

ڕۆشتووە. هەر لەسەرەتاوە وا هاتووە کە فڵان نووسەر زمانێکی ڕەزاگرانی هەیە، لەبەرئەوە من لێی تێناگەم ئەوا خۆشی نازانێت ئەڵێت چی، بەڵام جارێ لە خۆی نەپرسیوە بۆ لێی تێناگەم بۆ هەر دەبێت ئەو تاوانبار بێت، بۆ دەرگای ماڵەکەم بێ پێشمەرج نەکردەوەو بزانم ئایا بەراستی وایە ئەم ماڵە پوچە، ئەم ماڵە تەنیا ڕووخسارێکی بێ ناوەرۆکەو فریودەرە؟ ئایا ئەم ماڵانە بەراستی شەیتانی تێدایە، ئایا ئەو نووسەرانە فریودەرن، یان ئێمە بە نەزانی خۆمان فریومان خواردووە؟ ئەم خوێنەرانە خۆماندووناکەن تا کلیلی دەروازەی ماڵەکە بدۆزنەوە، دەیانەوێت بە ئاسانی چنگیان کەوێت، بەڵام ماڵی بە بەها پێویستی بە ماندووبوونە، بە ئێوەی هەزار چنگ‌ناکرێت. دەبێت خوێنەری ورد بێ سڵکردنەوە هەوڵی دۆزینەوەی کلیلەکە دەدات، خۆی ماندوو دەکات، چەند جارێ تێدەکۆشێت تا کلیلەکەی دەستدەکەوێت، بەڵام هەر هێندەی ئاشنایی پەیداکرد لەگەڵ زمانی نووسەرەکە کلیلەکەی دۆزیوەتەوە، ئیدی ماڵەکە خۆی دەردەخات‌و خوێنەریش بە ئاسانی دەتوانێت شارەزایی کون‌وکەلەبەری ماڵەکە بێت.

بەڵام ئەو ئەو کەسانەی کلیلەکەیان بۆ نادۆزرێتەوە، نەک هەر خۆیان بەڵکو لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری کوردیشدا، گومان لەو خوێنەرانە دەکەن، کە کلیلەکەیان دۆزیوەتەوە، لێرەشەوە گومانەکانیان دەبەنەوە بۆ پوچی ماڵی ئەو نووسەرانەو بڕیاری بەڵگەنەویست دەدەن لەسەر شەیتانییەتی ئەو ماڵە!

من ئەم نووسینە بۆ پاساوهێنانەوە نانووسم، یان بۆ بەرگری لەو نووسەرانە، چونکە ئەوان تاوانێکیان نەکردووە، بەڵکو بۆ ئەوەی دەنووسم، کە ئەو کەسانەی بەمجۆرە دەدوێن، بێ ئاگا لە خۆیان بە لۆژیکی ئەو خەڵکەی خۆیان بە نەزان‌و بەخراپی باسیان

دەکەن دەدوێن. ئەوان دوای عەوام کەوتون، بەڵام هاوار دەکەن دژی عەوامین!

ئەم نووسینە بۆ ئەوەیە بتوانین راستگۆیانە بێ رووپۆش، راستی بڵێین، گەر نووسەرێک بێ ناوەرۆکە یان ئاڵۆزییەکی پووچو فریودەری سازکردووە، با بڵێین فلانە نووسەر بەو جۆرەیە، نەک گومان دروستبکەین، راستی نەڵێین، ئەو کەسانە چونکە بەڵگەیان پێ نییە، ئیرادەی ئەوە ناکەن، بەبەڵگەوە بڵێین فلانە کتێب بەو جۆرەیە، یان ئەو دێڕە، لاپەڕەیە چ مەبەستێکی هەیە جگە لە فریودان بە وشەی پڕ لە تەمومژ. گرنگە دەستنیشانی ئاڵۆزی دەستکردو تەمومژ بکەین، راستگۆیانە ئەو نووسەرانەی بەو جۆرەن پێیان بڵێین ماڵی تۆ هیچی تیا نییە، بەڵام بە بەڵگەوە با لە ناو ماڵەکەیەوە پوچی ماڵەکەی باسبکەین، نەک لە دەرەوە بێ بەڵگە بڵێین ئەم ماڵە پووچە. بەدناوکردنی هەر ماڵێک یان نووسەرێک بێ بەڵگە خراپەیەکی گەورەیە، کە ئێوە ئەنجامی دەدەن.

تێبینی ئەوە دەکەم ئەوان بە نەزانی خۆیانەوە لە هەندێک ماڵدا تواونەتەوە ئیرادەی ئەوە ناکەن ماڵەکانی دی ببینن، خوێنەری راستەقینە هیچ نییە جگە لە کردنەوەو کەشفکردنی ماڵەکانو بە جێهێشتنیو هەوڵدان بۆ بنیادنانی ماڵی خۆی، بەڵام ئەوان، ماڵی خۆیان نییە، لەبەرئەوەی تواونەتەوە لە ماڵی هەندێکدا، تەنانەت لەو ماڵانەشی تواونەتەوە توانای کەشفکردنی هەمان ماڵیان نییە!

من زۆرکات سەردانی ئەو ماڵانەم کردووە، کە ئەوان دەڵێن شەیتانی تێدایە، بەڵام هەستم بە شەیتان نەکردووە، بەڵام

دواجار منیشیان بە شێت داناوە، یان بە جۆرێ منیشیان تاوانبار کردووە، بەڵام گەر تاوان و شێتی ئەوە بێت قەیدی ناکات من تاوانبارو شێتم.